داستانی گوندی سێ کانی

خاڵە هەڵکەوت

ڕۆژانی سەخت‌و تێکۆشان ئەو ڕۆژانەبوون کە لە مێژووی گەلەکەماندا نووسراونەتەوە، ئەوێ ڕۆژێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هەموو ژیانیان لەناو جەنگ‌و داستانەکاندا بوو، پێ بەپێ گوندو چیاکانیان کێوماڵ دەکردو لە داگیرکەرانیان پاك دەکردەوە، کەم گوندو چیای کوردستان هەیە خوێنی پێشمەرگەی لێ نەڕژابێ‌و نەبەردیان بۆ گەلەکەیان تۆمار نەکردبێ، گوندی سێ کانیانیش کە ئەوکات سەر بە تەق تەق بوو گوندەکانی (شەیتان‌و قەمبەرو سێ گردکان‌و تومەت گومەر) دەوردەرابوو، یەکێك بوو لەو گوندانەی کە لەلایەن پێشمەرگە چاونەترسەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە داستانێکی بێ وێنەی لێ تۆمارکرا.

ڕێکەوتی ٢٧ / ١ / ١٩٨١ بوو هێزێکی پێشمەرگەی حزبان کە خۆی لە (٨٠) جوامێر دەدا رووی لەم گوندەکردو شەو لەوێ ماینەوە، کاتژمێر (٥)ی سەر لەبەیانی دوو بۆسەمان لە دەوری گوندەکە دانار هەر دوو پێشمەرگەش دابەش بووین بەسەر ماڵەکاندا بۆ نان خواردنی بەیانی، زۆری پێنەچوو لەلایەن پێشمەرگەکانەوە تەقەکراو ئێمەش هەر هەموومان لە ماڵەکان هاتینە دەرێ‌و شەقامی سەرەکی گوندەکە لە دوورەوە دیاربوو دیتمان هێزی گەورەی دوژمن بەڕێوەیە هەوڵیان دەدا چوار دەوری گوندەکە بگرن، ئێمەش بڕیارنەبوو لەنار گوند شەڕ بکەین، تا زیان بە خەڵکی گوندەکان نەکەوێ، بۆیە دابەش بووین بەسەر دۆڵ‌و بەرزاییەکانی دەوری گوندەکەداو دوژمن دەستی بە تەقەکردن کرد، بە هەموو جۆرە چەکێك ئێمەش وەڵامان دایەوە، جەنگ گەرم بوو هێزی پێشمەرگەی حزبان بەوپەڕی ورە بەرزییەوە نیشانەکانی دەپێکار تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دوژمنمان لە جێی خۆی چەقاندو لە هەندێ شوێنیش پێشمەرگەکان بەرەو پێشەوە دەچوون.

دوای نیوەڕۆ بوو دوو هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیشت‌و یەکێتی هەواڵیان بۆ ناردین کە ئێمە لە پشتەوەین‌و بۆ هاوکاریتان دێین، تکایە تەقەمان لێ مەکەن، هەردوو هێزەکە گەیشتن‌و ژمارەمان گەیشتە نزیکەی (٢٠٠) پێشمەرگە، هەر لەوێ نەخشەیەکی سەربازیمان دانار بڕیارماندا هێرشی دژیان بکەین سەر، هێرشەکە دابەشی سەر سێ قۆڵ کرا، قۆڵی گوندی سێ گرتکان کومەرگومەت درایە یەکێتی‌و قۆڵی سێ کانیان‌و گوندی شەیتانیش سۆسیالیست‌و شیوعی، ئیدی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر هێزی دوژمن دەستی پێکردو دوای بەجێهێشتنی چەندین لاشەی سەربازو جاش لەگەڵ کەڵو پەلێکی زۆری سەربازی پاشەکشەی کرد، بەڵام بەردەوام لە ئامێرەکانی پەیوەندییانەوە کە راکاڵیان بەکاردەهێنا ئێمە دەمانتوانی وەربیگرین داوای کۆپتەرو هێزی دیان دەکردو دەیانگوت ئەگەر فریامان نەکەون هەر هەموومان دەکوژرێن‌و دەستگیر دەکرێین، زۆری پێنەچوو (١٥) کۆپتەرو هێزێکی پیادەی زۆری دوژمن بۆ هاوکاریی هێزە بەزیوەکەی رووبان لەم گوندانە کردو لە پشتی گوندەکانەوە دابەزین، هێزی پێشمەرگەش لێیان هاتنە دەستو تا شەو شەڕ بەردەوام بو، لەهەر شوێنێك تەقەی دوژمن هەبا هێزی پێشمەرگە لەوێ ئامادەبوو، ئێمە بە بڕواوە شەڕمان دەکردو هێزی دووژمنیش دەیانویست خۆیان قوتارکەن، بۆیە رۆژی دووەمیش هێرش بەردەوام بوو کۆپتەرەکان بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوەو تەقەیان دەکرد، ئەنجام بە شکانی دوژمن کۆتایی هات‌و بەپێی زانیاری کە ئەوکات کۆمانکردەوە زیاتر لە (١٥٠) سەربازو (١٨) خۆفرۆش کوژران‌و جگە لە سوتانی چەندین مدەرەعەو ئیڤاو جێبو چەك‌و تەقەمەنی، کە هەندێکیان خۆیان بە ئاوی بەستنی شەرغە دادابوو.

زیانەکانی هێزی پێشمەرگەش بریتی بوو لە شەهیدبوونی (١١) پێشمەرگەی حزبی شیوعی‌و شەهیدو برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانی هەردوو هێزی یەکێتی‌و سۆشیالیست.

شەهیدانی حزبان بریتی بوو لە (١-سالم جێگری لق، ٢-ئەبو سەلما-رابەر سیاسی،٣-ئەبو زیاد ئامر فصیل، ٤-شەهید شێرۆ، ٥-شەهید کەریم، ٦-شەهید فرسەت، ٧-شەهید مام حەیدەر، ٨-شەهید مام عەبدوڵلا، ٩-شەهید ئاسۆ چاوشین، ١٠-شەهید سەلام عەرەب، ١١-شەهید کامەران)..

جێگەی باسە ئەم داستانە زیاتر لە ٨ تا ٩ گوندی ناوچەکەی گرتەوەو بە شکانی دوژمن‌و وەی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بەرەو ئاستێکی باڵا ڕۆیشت‌و دووژمنیش بەسەر شۆڕی ناوچەکەی جێهێشت، لە یادی ئەم داستانەدا سلاو بۆ گیانی شەهیدان‌و ڕێزو خۆشەویستیمان بۆ خەڵکی گوندەکانی ئەم دەڤەرە کە زۆر چاونەترسانە شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوکاریان کردین‌و بە هەموو شێوازێك پشت‌و پەنامان بوون‌و وەریان بەرز دەکردینەوە.

لە (٢٥)ەمین ساڵیادی شەهید حەیدەرو شەهیدانی داستانی سێ کانی

ئەو کاتانەی ژوورەکانی شار،لە شەوە ساردەکانی زستانی ساڵی (١٩٨١) پڕبوون لە هەڵاوەی گەرمایی‌و دووکەڵی جگەرە، لە کاتێکدا شەوان یانەکانی شار پڕبوون لە بۆن‌و بەرامی مەی‌وتامی مزری مەزە، لە کاتێکا خائین‌و خۆفرۆشانی بەنەژاد کورد بە ڕۆح‌و بەگیان ئێشکیان لە شەهیانەی شەوانی سووری چەتەوڵەکانی بەعس دەگرت، لە کاتێکدا بەفر چیا سەرکەشەکانی کوردستانی داپۆشی بوو، لەو دەمە ساتە سەختانەدا، مامۆستا (حەیدەر کەریم) خونچەی تازە پشکتوو، لە خۆشترین ساتەوەختی تەمەنیدا وەك بەڕێز هاوڕێ (ئومێدمەهدی) شاعیری نیشتمانپەروەر لەشیعری (ماڵئاوایی)دا،کە بۆ شەهید حەیدەر هۆنیوەتەوە دەڵێ:

سەیدا حەیدەر بە قوتابیانی گوتبوو
من ماڵئاوا لە ئێوەو پۆل.. "

بەڵێ ئەو مامۆستا ڕۆح سووکە، هێندە هیوای‌بە ژیان بوو هەموو کاتێك خەندە لەسەر لێوانی دەباری‌و هاوڕێی نزیکی قوتابی‌و کەس‌و کاری هاوڕێیانی بوو،کەس لێی بێزار نەدەبوو بۆیە شاعیری ناوبراو دەڵێ:

کەڕێ کەوت دەستگیرانی لای چەپی دڵی دانا
لای راستیشی هەموو خۆشەویستی دنیا"..

تا ئێرە هاوڕێ ئومێد لە شیعرەکەیدا باس لە چۆنیەتی دەرچوونی مامۆستا حەیدەر دەکات، بۆ چیاو، باسی دڵداری شەهید دەکات لەگەڵ پەیامە پیرۆزەکەی، کە فێرکردن‌و پێگەیاندنی قوتابیانی بوو.

بێگومان شەهید (بێجان) بڕوای بەوە هەبوو کە مرۆڤ تەنها جارێك دەمرێ، بۆیە لە بەرامبەر ئەو زوڵم‌و ستەمەی کە لە گەڵ نیشتمانەکەی دەکرا، بڕیاری جێهێشتنی شارەکەی دەدات‌و دایك‌و قوتابی‌وخۆشەویستەکانی جێ دەهێڵێت‌و ڕووەدەکاتە چیا سەرکەش‌و سەهۆڵ بەندو بە بەفردا پۆشراوەکانی کوردستان، چەکی شەڕەف‌و بەرگری لە گەڵ‌و نیشتمان هەڵدەگرێ.

بێگومان ئەوکاتەی مامۆستا (بێجان) لەناو پۆڵ‌و هۆڵەکانی وانە گوتنەوەدا، بەرەو چەك هەڵگرتن ئۆغر دەکات، ئەزموونێکی کەمی هەبووە سەبارەت بە چەك‌و چیاو شەڕی پارتیزانی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەگاتە ناو هاوڕێیانی داوای چەکی کردووە، بووە بە چەکداری گەڵ‌و نیشتمانەکەی، شان بە شانی هاوڕێیانی لە (حشع) بەشداری لە شەڕەکانی دژ بە ڕژێمی بەعسی فاشی‌و دیکتاتۆریەت دەکات.

شەهیدی نەمر مامۆستا(حەیدەرکەریم) بێجان، لەشەڕێکی دەستەویەخەدا لەپێناو بەرگریکردن لە گەڵ‌و خاکی پیرۆزی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٧ /١ /١٩٨٢ لە پێدەشتی کۆیە، لە داستانی گوندی (سێ کانی)یان، لەگەڵ یانزە پێشمەرگەی گیان لەسەرلەپی دەست‌و قارەمانانی نەتەوەو هەڵۆی بەرزەفڕی‌و وڵاتپارێز، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان‌و سەرفرازی‌و بەختەوەریی‌وکامەرانی بۆ گەلی کوردستان،گیانی خۆیان بەختکردو چوونە ریزی نەمران.

ئومێد مەهدی شاعیر، ئەم ساتەوەختە بەم شێوەیە وەسف دەکات‌ودەڵێ:

لەو پێدەشتەی کەمەری شار، هاوڕێ (بێجان) خەندە ئاسای..
واتا دیسان لەم دێرە شیعرەیدا "خەندە"ی کردووە
بە سیفەت بۆ شەهیدو دەڵێ:
برین تەختەیەکەو
بە تفەنگی بیری هاوڕێ.. دەماری خاك
چاوی کانییەکی کوێر بۆوە دەکاتە بڵندگۆی ژان‌و هەر بە پێوەی ئەم نەبەردییە
وەکو دایلۆگێکی داستان ئاسای.. گەرم گەرم
بەدیاری بۆ قوتابیانی سبەینێ دەنێرێتەوە..
مامۆستا (مەوجود)ی شاعیریش لە هەمان ساڵ‌و ساتەوەختدا وەکو وەفادارییەك بۆ شەهید (بێجان) لە شیعری (نەمردن) بە پەرۆشەوە دەڵێ:
بەو بەفرە دامپۆشن
دەبمە شووره بۆئەو دار بەڕوانەی
لە ئاست تەقینەوەی دنیادا خامۆشن
پێشمەرگەو سەرەتاوکۆتایی ڕێگاکان دەخوێنمەوە.."

شەهیدی نەمر مامۆستا (حەیدەر کەریم) لە بەهاری ساڵی (١٩٥١) چاوی بە ژیان هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە.

دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا، ساڵی (١٩٧٣- ١٩٧٤) خوێندنی تەواوکردووە.

شەهید حەیدەر جگە لە بواری وانە گوتنەوە لەبواری وەرگێڕان‌و تەدەبیات‌و شانۆ، خامەیەکی ڕەنگین‌و دەستێکی باڵای هەبوو، شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر)ی بە شێوازێکی نوێ‌و سەردەمیانە نووسیبووەوە، هەروەها شانۆگەری (ماکبێپ)ی ولیەم شکسپیری وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی مایەی داخ‌و پەژارەو مخابنە دوای هەوڵدانێکی بێ پایان لەلایەن (محەمەدی) برای نەتوانرا شانۆگەری (ماکبێپ) وەکوکتێب بە چاپ بگەیەنێ، دواتر بە هەوڵ‌و ماندووبوونی برای بەڕێزو ئەدیب‌و ڕۆشنبیری گەلەکەمان، کاك(محەمەد باوەکر) توانرا لە ژمارەی (٢)ی گۆڤاری شانۆو سینەما بڵاوی بکاتەوە.

بەڵێ ئەو مامۆستا ڕۆح سووکە، ئەوەندەی دەم بە خەندەو پێکەنین‌و شیرین زمان بوو لەگەڵ قوتابیانی، بۆیە دوای شەهیدکردنی، قوتابییەکانی شەوان بە دزی چاوی سانسۆری پیاوانی بەعس دەهاتنە ماڵەوەو لە ناخەوە فرمێسکی گەرمیان بۆ مامۆستاکەیان هەڵدەڕشت‌و دەستیان دەخستە ملی دایکە کۆستکەوتەکەی شەهید‌و لێکدا لێکدا دەستیان ڕادەموسی.

شەهید حەیدەر تەنها یەك (دەستەسڕی) بەدیاری بۆ دایکە میهرەبانەکەی جێ هێلابوو، بۆ ماوەی پانزە ساڵ، ئەم دەستەسڕە هەرگیز لێی جیانەدەبووەوە، شەوان دوای ئەوەی تێر تێڕ بۆنی دەکرد، ئەنجا لەسەر خۆی دادەنا.

پلکە (سوڵتانە) دایکی شەهید بێجان.. تائەورۆژەی بەحەسرەتەوە کۆچی دوایی کرد ئەگەر هەموو ڕۆژێك سەردانی گلکۆی جگەر گۆشەکەی نەکردبایە، لە دوندی گردی پیرداودی گۆچان کەسك،لەسەر ڕێگای هەولێر-مەخمور هەرگیز دڵی دانەدەکەوت، هەر لەسەر وەسیەتی خۆی، لەگەڵ دەستە سڕەکەی شەهید بۆ هەتا هەتایە لەسەر دڵە مەزن‌و میهرەبانەکەی دانار لەتەك گلۆکۆی شەهیدبە خاك سپێردراو ئیتر هەزاران سلاو بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی داسنانی سێ کانی.

فاکتەر و بوچونێن پروبلێمێن ئیراقێ و کوردستانێ زێهەتر د ئازرینن !!!

جەمال چەلکی

بەشی یەکەم

کو د پێکئینانا دورهێلان دە ، چاوان بیینە فاکتەرێن بالکێش و کاریگەر ، داکو ئیحتیمالا هەری مفا بەخش ژ بەرژەوەندیێن خوە رە پێشبینکەین .

ئەو راپورتا هاتی وەشاندن ژ ئالیێ (بیکەر- هامیلتون) ڤە تێ وێ واتێ ، کو دەسەلادارێن ئەمریکی د پرسگرێکا ئیراقێ دە ، گەلەکێن پەریشان بوی و پڕوژێ وان یێ گوهرینێن روژهەلاتا نافێن یێ کەتیە د ئاستەنگێن هەری ئالوز دە ، لەورە ژی هن بیرکێن نامو ومەترسیدار ژ زار دەڤێن هن پەرپرس و کەسایەتیێن وان د هێنە پیشنیازکرن ، گروڤێن پشراستکرنا ئەڤێ ژی خالێن (١ - ١٣) نە ، کو ب ئاشکرایی د خوازیت دەستەکەکا نیڤنەتەوی بهێتە پێکئینان ، ب بەژداریا هەمو دەولەت وحکومەتێن ئەورەپی و هەرێمی .....هتد . داکو وێ ژ سەرئێشا کێشێن ئیراقێ دە نەجادکەت یان ب کێمی هن بارێ وان سڤك کەت کو چەندەکێ نەفەسا خوە ڤەکێشن .

راپورتا ناڤبری هەر چەندە راپورتەکا فەرمی نینە ، هەتا کو بێژین دیتنا سیاسەتا حکومەتا ئەمریکی یە ، بەڵێ پا کەسێن ئەو راپورت پێکئینای کەسێن ناڤدارن د ڕێنەکرنا سیاسەتا وەلاتێن ئێکگرتی یێن ئەمریکا ل پێشان و رەنگە نهاژی رولەك هەبیت ، لەوژی پێتڤیە ب گرنگی ل سەر راوەستین و نەرازیبونا خوە ب جەسارەتەك مەزنڤە ب گەهینیە ئاستێن بلند و جهێن بەرپرس ، تاکو نەهێلین ئەڤ بوچونێن نە یەکسان و دویر ژ دورهێلی و هزرێن لوجیکانە ، بگەهنە جهێ بریارێن ڤەرمی .

د ناڤەروکا راپورتێ دە ، هن خالێن پوزەتیف ژی هەنە ، کەس نکاریت نکولیێ ژێ بکەت و هەر کەس ژی بیەرژەوند د بینە ، هەڤدەم د گەل ڤێ ژی خالێن نیگەتیڤ ژی هەنە ، کو گەلەکێن مەتریدارن و گومانا هن تشتێن خراب ژێ تێتە چاڤەرێکرن .

د ڤێ نڤیسینێ دە نا خوازم ل سەر جهێن پوزەتیڤێن راپورتێ خەبەر دەم ، ئەڤێ کو ب چەند خالەکا هاتین ئاماژەکرن ، ژ بەرکو خالێن نیگەتیف پتر یێن هەست دارن و بالا مروڤی د کشینن .

مەبەستێن راپورتێ یێن ب گومانن ، نەك تنێ چارەسەریان د گەل خوە دا نائینن بەلکو زێدە پروبلێمان ژی د ئازرینن ، و دگەل لەهیا خوە دە ژی هن دیاردێن دن یێن تراجیدی یێن پێشبینکری د ئینیتە روژئاڤا خوە . د خالا (٢٤) یێ دە ل جها ڕەخنێ ل حکومەتا مالکی بکەت ، دەربارەی خشتا کاتی یا حکومەتێ سەبارەت ب رابینا هن ئەرکان د نیڤبەرا داویێن سالا ٢٠٠٦ و دەسپێکێن سالا ٢٠٠٧ دە ، کو کەمتر خەمی کریە د ڤی بواری دە و هەمی شیانێن خوە نە ئێخستنە گەر ، ژبو جیبەجیکرنا ئەوان ئەرك و کاران ، ئەڤێن وان بخوە کریە بەروکا کەسپا خوە د وان ماوێن دەستنیشانکری دە ، نڤیسەرێن راپورتێ وەسا د بینن کو دەمێ وێ گەلەکێ واقعبینانە نەبو ، دیارە ژی ب دیتنا وان هێشتا پێتڤی ب دەمی بویە ، داکو هەمو کێشە ب هەلاویسی بمینن و سەرێ چارەسەریانل تێکرایا کێشان ونداببیت و ئێدی کەس ل داوێ سەری ئێ دەرنەکەت .

شاش فامکرن د ڤی بواری دە ، کوردان گەلەك د ئێشینە و چاڤەرێیا تشتێن چەوت لێ د هێتکرن ، و هەر تشت ژی تەڤلی هەڤدبە و رول و ئەرکێن فاکتەرێن هاوکێشا سیاسی پێکئینای ل ئیراقێ ل بەر چاڤ ناهێنە گرتن ، ژبو چارەسەرکرنا کێش و گرفتێن د نیڤا وارگەهێ ئیراقێ دە .

هەر کەس ژی د زانە ڤەهێلانا کێشێن سەرەکی و هێلانا وان وەکە خوە ، تنێ بەرژەوەندا ئالیێن تیروری د پارێزیت ، و کەس و هەڤوەلاتیێن دن یێن ئیراقی و کوردستانی د زەرەرمەند دبن و هیڤیا بەختەوەریا ژیانێ ل دەست د دەن .

د خالا (٢٦) یێ دە پێشنیارا پێکئینانا گورین و راستکرنا هن بەندان ، د ناڤا دەستورێ هەمیشەیێ ئیراقێ دە دکەت ، ب رێیا دەزگەهێ نەتەوێن ئێکگرتی ، کو ئەڤە ب خوە دەست درێژیکرنە بو سەر سەروەریا گەلێ ئیراقێ .

دەستورێ هەمیشەیی ژ لایێ هەمو گەلێ ئیراقێ ڤە ، پشتی گەنگەشێن بەرفرەه برێیێن دەنگ دانێ هاتییە پەژراندن ، و پرسا وی ل دەمێ خوە دا ب دویماهی هاتییە ، ئەڤچا مەبەستا وان د ڤێ چەندێ دە ، ئەگەر تێگدان نەبێتن ، ئەو چ ژ گوهرینێن دەستوری دخوازن .

هەر وەسا د خالا (٢٨) یێ دە ل سەر پرسا پەترولێ د سەکنە ، و ئەو کێشێن کو ب رێیا دەستورێ عیراقێ بخوە هاتین چارەسەرکرن ، جارەکا دن د خوازن سەر ل نوی هەردەنە ڤە و ببنەڤ گرێیەکا تاز د گورەپانا سیاسی دە . موجادلا پرسێن پەترولێ ژی دەمەك زو ژ ئالیێ لایەنێن سیاسی و هاوەلاتیێن ئیراقی و کوردستانی ڤە ب دایەلوکەکا دیموکراسی هاتنە کرن ، و رێکەڤتنا خوە د وێ دەلیڤێ دە ب رێیێن دەستوری کوتایی پێئانی ، و ئەو چالاکیێن پەترولی ژی ئەڤێن هاتیە ئەنجامدان پتریا وان ل کوردستانێ ب خوە بونە ، جرەجرا وان ژی ژ دەسپێکێ بو دەمەکێ دەنگێ خوە هەبو ، لێ پاشان ب رەزامەندیا هەر دوو ئالیان چارەسەربون .

خالا (٣٠) یێ دە ، ئەو ل دژی مادی دەستوریێ (١٤٠) رادوەستە ، و سازدانا راپرسینا کە بریارە ل دەسپێکێن سالا ٢٠٠٧ یێ ، بو چارەسەرکرنا پرسا کەرکوکێ ئەو وەکە بومبەیەکێ د حەسبینە .

ب بیرکرنا خوە د خوازە جیبەجیکرنا وێ بهێتە پاشخستن ، و چارەنڤیسێ وێ رادەستی ئەوێ کومیتا نیڤنەتەوی بهێت کرن، ئەوا کو ئەو پێکئینانا وێ پێشنیاز دکەن ، ژ ئالیێ وەلاتیێن ئێکگرتی یێن ئەمریکا و ئەورەپا و دەولەتێن هەرێمی (تورکیا و ئێران و سوریا ....هتد).

د دارشتنا ڤێ خالێ دە ، چ حسابەك ژبو کوردستانیان نە هاتییە کرن ، وەکو نە فاکتەر د هاوکێشا سیاسی دە ، ئاشکرا یەژی کە پرسگرێکا کەرکوك ل جەم کوردان ب هێلا سور د هێتە هەژمارتن .

کوردان ب درێژاهیا دەهان سالان خوە کێشایە چییان و ب هزاران قوربانی داینە ، ژبو کەرکوکا دلێ کوردستانێ و ب هیچ شێوازەکێ ژی د ئامادە نینن مساومێ ل سەر ڤێ یەکێ بکەن ، هەتا کو کەرکوك نەهێتە بەر بارەشا کوردستانێ .

د دیتنا کوردا جیبەجیکرنا مادێ (١٤٠) زامنێ ئاشتی و پێکڤە ژیانێ یە ، و نەجیبەجیکرنا وێ ئەگەرا شەرەکێ خویناوی یە ، فەرە ئالیێن بەرپرس هەولێن بجت بدەن ، کو ئەڤ یەکە رونەدە .

ل سەر ئەڤێ راپورتێ د کارم وەها دیتنێن خوە رێزکەم :

- راپورت رێکێ نادەت ئیراقی وکوردستانی بخوە کێشێن خوە چارەسەرکەن ، و ب هەمو شێوازەکێ رولێ فاکتەرێ ناڤخوەیی تەهمیش دکەت ، و تێکرایا هێزا ڤێ بواری هەمو یێ د ئێخیتە بەر دەستێ فاکتەرێ دەرەکی .

- مروڤ هەست ب هندێ د کەت کو وەلاتیێن هەرێمی رولەکێ مەزن هەبیت ، د ئامادەکرنا راپورتێ دە ، و ب ئاواییێن جودا جودا دیتنێ خوە گەهاندبنە دناڤ ناڤەروکا راپورتێ دە ، و هیڤی یێن خوە گرەنتیکربن ژبو پێشهاتێن ل ئیراقێ دهێن چاڤەرێکرن .

- دەسهەلادارێن ئەمریکی هەست ب مەترپان دکەن ، ل ئەنجامێن نە سەرکەڤتنا خوە د پرسگرێکا ئیراقێ دە ، لەو ژی پێشنیا دکە هن دەولەتێن دن بچنە سەر سەحنا سیاسی، ژبو چارەسەرێن پروبلێن مەزهەبی وتایبفی ، کو نها نیشان و بەرژەنگێن شەرەکێ ناڤخوەیی لێ دهێنە نێران

- راپورت ب ٧٩ خالان پێکدهێت و ب درێژی و شێلوبێلی ، هزرا پروسیسا ناڤاکرنا ئیراقێ شروڤە دکەت ، و ڕەوشەکا ئەلبار لێ د هێتە هەمبێزکرن .

- گەلەك پێشنیارێن وێ ل دژی بەرژەوەنێن گەلێ کوردستانێ نە ، د هەمی پاناڤەکێ دە د ناکوکن دگەل هیڤیێن کوردستانیان ، لەورا ژی کورد یێن نە رحەتن و ب هەرەشە دبینن بو سەر دەسکەڤتێن خوە .

- راپورت دەست درێژیا دکەتە سەر دەستوری و د خوازیت ب رێیێن نەتەوێن ئێکگرتی ڤێداچونێ بکەتە سەر خالێن دەستوری هەمیشەیێ ئیراقێ ، کو پرانیا خەلکی دەنگێ بو دای .

- ئیراق وەکە دەولەتەکا فیدرال نە هاتیە نێران ، د گەلدا ژی ئنیەتا هەی دەسهەلاتێن هەرێمان لاوازکەت ، و هەمو بریارێن چارەنڤیس یێن هەرێمان ب ئاوایەکێ دکتاتوری بێخیتە بن دەسهەلاتێن حکومەتا ناوەندی ، ئەڤە ژی بەروڤاژی بەندێن دەستوری یە .

- راپورت دەرگەهی ڤەدکەت بو هەمی دەستێوەردانێن دەولەتێن دەوروبەر ، ئەڤێن کو هەمویان تەماعی دناڤا ئیراقێ دا هەی ، هەر وەسا حەزناکەت گوهداریا گەلێ ئیراقێ بکەت و ژ هەمی بریارێن چارەنڤیس دویر د ئێخیت .

- بێهنا ئیحتیمالێن هن کومپلو و پیلانێن نیڤنەتەوی ل دەولەتێن دهێت کرن ، لەورا ژی جارەکێ ب تنێ راپورتێ ناڤێ کورد و کوردستانێ نە ئینایە ، و تێڤامکرن کو ئەڤ یەك ب مەبەست نە هاتییە ناڤکرن .

- راپورت بەشداریا دەولەتێن هەرێمی ب فاکتەرەکێ باش د بینە ، ل هەڤ دەمدا ژی د زانە کو رەوشا خرابا ئاساییشا ئیراقی ، رێژا هەری مەزن ژی دەستەکداینا وان بخوە یە بو رێکخرا و گروپێن تیورستی ، ئەڤێن کو کار د کەن ژبو تێکدانا و نەهێلانا ئیراقیان ،هەست ب دورویێ دهێت کرن د سیاسەتا وەلاتیێن ئێکگرتی یێن ئەمریکی دە . - کار دهێت کرن ژ بو تێکدانا رەوشا ئاسایشا کوردستانێ ، و خورتکرن و هەوڵدانێن پەیداکرنا دوبەرەکیێ د نیڤبەرا کورد و عەرەبان دە ، کو د ئەنجام دە شەرەکێ ناڤخوەیێ مالوێرانکەر ژێ دەرکەڤیت هولێ ، و فرسەندێن دەستێوەردانێن دەولەتێن هەرێمی زیدە بهێنە پێش کو کەس نەکاریت کونترولکەت .

- هەبونا گەلەك تشتێن نهینی ، د نیڤبەرا دەولەتێن هەرێمی و ئەمریکا دە ، کو ئاگاهیێن ل سەر وان ب هیچ ئاوایەکێ ل نیکمە نینە ، ئەڤەژی وێ رامانێ ددەت کو هن تشت ل پشت پەردان هەنە ، ل هەر دەمەکێ ئاشکرا بونا وێ هن ئەتوسفەرێن نوێ ل گەل خوە بینە .

- هەوا دبلوماتیك یا هەرێمی ئەڤا کو راپورت هیڤیێ بو دکەت ، وێ ڕەوش گەلەك ئالوز ببە و دەستێوەردانێن ب گەمار ژی فرسەندێن باش ژبو خواستیکێن خوەیێن داگیرکرنی ب ڕەخسینن ، و هەر تشتی د بەرژەوەند خوە دە راکێشن .